کاتێک ڕێم دەکرد، لەناکاو دەنگێکم لە ئاسمانەوە بیست، سەرم بەرزکردەوە و هەمان ئەو فریشتەیەم بینی کە لە ئەشکەوتی حیرا سەردانی کردم

لە ئەبی سەلەمە کوڕی عبد الرحمانەوە دەڵێت: جابری کوڕی عبد الله ی ئەنساڕی -ڕەزای خوایان لێبێت- دەربارەی ماوەی داپرانی وەحی؛ لە پێغەمبەرەوە دەیگێڕێتەوە -صلى الله عليه وسلم- کە فەرموویەتی: «کاتێک ڕێم دەکرد، لەناکاو دەنگێکم لە ئاسمانەوە بیست، سەرم بەرزکردەوە و هەمان ئەو فریشتەیەم بینی کە لە ئەشکەوتی حیرا سەردانی کردم، لەسەر کورسییەک لە نێوان ئاسمان و زەویدا دانیشتبوو، لێی ترسام، و گەڕامەوە ماڵەوە، ووتم: دایمپۆشن (بە پۆشاک)، پاشان خوای گەورە ئەم ئایەتە پیرۆزانەی (قورئانی) دابەزاند: {يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ (1) قُمْ فَأَنْذِرْ (2)} [المدثر: 1-2] واتە: {ئەی ئەوەی کە خۆت پێچاوەتەوە بە پۆشاک (1) هەستە و خەڵکی ئاگادار بکەرەوە (لە سزای خودا) (2)}، هەتاوەکو دەفەرموێت: {وَالرُّجْزَ فَاهْجُرْ} [المدثر: 5] واتە: {و واز لە تاوانەکان و بتەکان بهێنە ولێیان دوور بکەوەرەوە}، لە دوای ئەمە؛ وەحی بە بەهێزی و بەردەوامی و بەدوای یەکدا دەستی پێکردەوە.

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە کاتێکدا باسی لە وەحی دەکرد لەڕوانگەی وەستانی و نەهاتنە خوارەوەی لە سەرەتای پێغەمبەرایەتیدا؛ فەرمووی: کاتێک لەنێو کۆڵانەکانی مەککەدا دەڕۆیشتم، لەناکاو دەنگێکم بیست لە ئاسمانەوە، سەرم بەرز کردەوە، بینیم فریشتە جبریلە؛ کە لە ئەشکەوتی حیرا هات بۆ لام، لەسەر کورسییەک دانیشتووە لە نێوان ئاسمان و زەویدا، منیش ترسام و لێی تۆقیم، و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، ووتم: دامبپۆشن بە پۆشاکێک. بۆیە خوای گەورە ئەم ئایەتانەی دابەزاند: {يَا أَيُّهَا الْمُدَّثِّرُ} واتە: {ئەی ئەو کەسەی خۆت بە جلوبەرگ داپۆشیووە}؛ و پێچت داوە بە خۆتدا، {قُمْ} واتە: {هەستە}؛ بە بانگەوازی کردن، {فَأَنْذِرْ} واتە: {-خەڵکی-ئاگاداری بکەرەوە}؛ و بیانترسێنە ئەوانەی باوەڕ بە پەیامەکەت ناهێنن. {وَرَبَّكَ} واتە: {و پەروەردگارت} و خودای پەرستراو، {فَكَبِّرْ} واتە: {بە گەورەی دابنێ}؛ وسوپاسی بکە و بە مەزنی دابنێ. {وَثِيَابَكَ} واتە: {و جلوبەرگەکانت}؛ و پۆشاکەکانت، {فَطَهِّرْ} واتە: {پاکی بکەرەوە} و خاوێن ڕابیگرە لە پیسییەکان، {وَالرُّجْزَ} واتە: {پەرستنی بت و پەیکەرەکان}، {فَاهْجُرْ} واتە: {وازی لێ بهێنە}؛ و جێی بهێڵە، لە دوای ئەمە؛ وەحی بە بەهێزی و بە زۆری دادەبەزی.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66304